# ڕۆژنامەوانانی بێسنوور: "بەبێ ئازادیی چاپەمەنی، ئازادی بوونی نییە"

**ئامادەکردنی: قەرەنی قادری**

ڕێکخراوی پەیامنێرانی بێسنوور لە ڕاپۆرتی ساڵانەی خۆیدا، سەبارەت بە ئازادیی چاپەمەنی، بارودۆخی پەیامنێران و ڕۆژنامەوانان لە ساڵی 2006دا، نووسی: لانیکەم 81 ڕۆژنامەوان لە کاتی بەڕێوەبردنی ئەرک یان ڕاگەیاندنی بیروڕای خۆیان، لە 21 وڵاتدا کوژراون.

ڕاپۆرتی پەیامنێرانی بێسنوور، تەنیا باس لەو ڕۆژنامەوانانە دەکات، کە مەرگی وان پەیوەندی ڕاستەوخۆی بە ئەرکی زانیاری گەیاندنەوە هەبووە. ڕاپۆرتەکە لە درێژەیدا ئاماژە بەوە دەکات: نزیک بە 90%ی کوژراوەکان، ڕۆژنامەوانان و پەیامنێرانی عێراقین. ترسناکترین شوێن بۆ ڕۆژنامەوانان دوو ناوچەی عێراقن کە لەو ماوەیەدا 17 پەیامنێری لێ کوژراوە و لە لێوارەکانی غەززەشدا (فەلەستین) 6 پەیامنێر ڕفێندراون.

لە ڕاپۆرتی پەیامنێرانی بێسنووردا، عێراق مەترسیدارترین وڵاتی جهان بۆ ڕۆژنامەوانان باسی لێکراوە. لە بەشێکی تری ڕاپۆرتەکەدا هاتووە: "عێراق بۆ چوارەمین ساڵی بەردەوام ترسناکترین وڵات بۆ ڕۆژنامەوانانە. لە ساڵی 2006 لەم وڵاتەدا، 64 ڕۆژنامەوان و هاوکارانی چاپەمەنی کوژراون. لە سەرەتای شەڕەوە تا ئێستا 139 هاوکاری چاپەمەنی کوژراون. ئەم ئامارە دوو قات لە ژمارەی ئەو ڕۆژنامەوانانە زیاترە کە لە ماوەی بیست ساڵ شەڕی ڤیەتنامدا کوژران. (لە ساڵی 1955 تا ساڵی 1975 لە ڤیەتنام 64 پەیامنێر کوژران.)

مێکزیک، فیلیپین، ڕووسیە و تورکەمەنستان هەندێک وڵاتی ترن، کە دوای عێراق زیاترین هەڕەشە، دەستگیری و کوشتنی ڕۆژنامەوانانی تێدا ڕوویداوە.

توندوتیژی لە کاتی هەڵبژاردندا لە ساڵی 2006دا، زیاتر لە 1400 جار، هێرش کراوەتە سەر پەیامنێران، هەروەها سنووردارێش کراونەتەوە. زۆرینەی ئەم هەڕەشە و سنووردارکردنانە، لە کاتی هەڵبژاردنەکاندا ڕوویانداوە. لە وڵاتێکی وەکوو بەنگلادێشدا، هێرش بۆ سەر ڕۆژنامەوانان بۆتە کارێکی ڕۆژانە.

سانسۆر، سەرکوتکردنی چاپەمەنی و دەستگیری ڕۆژنامەوانان بە گوێرەی ڕاپۆرتی پەیامنێرانی بێسنوور، لە بەراورد لەگەڵ ساڵی ڕابردوودا، کەمتاکورتێک ڕەوتی بەرەو باشی لە مەیدانی سانسۆردا بەدی دەکرێت و سانسۆر نەختێک کەمتربۆتەوە. لە ساڵی 2005دا، وڵاتی نێپاڵ، لە بواری سانسۆرکردندا، لە ڕیزی یەکەمی وڵاتانی جهاندا بوو. بەڵام بە دوای ئاگربەسدا، بارودۆخی ئازادیی چاپەمەنی باشتر بووە.

لە ساڵی 2006 زۆرترین سانسۆر لە تایلەنددا بەڕێوەچووە. "لە دوای کودەتای نیزامی لە سێپتامبری پاردا، زیاتر لە 300 ڕادیۆی ناوچەیی و چەندین ماڵپەڕ داخران. بەڵام چەند حەتوو داوتر بارودۆخ بۆ کەشی ئاسایی خۆی گەڕایەوە."

پەیامنێرانی بێسنوور، لە ڕاپۆرتی خۆیدا هیچ چەشنە ئاماژە و ئامارێکی سەبارەت بە سانسۆر لە چین، کۆریای باکوور، و چەند وڵاتی تر نەداوە. لەم ڕاپۆرتەدا هاتووە: "سەبارەت بە باردودۆخی سانسۆر لە (چین، کۆریای باکوور و بۆرمێ)دا وەدەستخستنی ئامار ئیمکانی نەبووە. لەم وڵاتانەدا، ڕێوشوێنی گشتی بە دژی تەواوی چاپەمەنییەکان بەڕێوەدەچێت، کە لە نەکاو سەدان ڕۆژنامە، گۆڤار و ڕۆژنامەوان دەگرێتەوە."

لە ساڵی 2006دا، لە گەلێک لە وڵاتانی جهاندا ئینترنێت کۆنترۆڵ و سانسۆر کرا. "عەرەبستانی سعوودی، ڕووسیەی سپی، بۆرمێ، چین، کۆریای باکوور، کوبا، میسر، ئێران، ئوزبەکستان و ڤیەتنام." ئەم سێزدە وڵاتەن کە پەیامنێرانی بێسنوور، بە دوژمنانی ئینترنێت ناوی بردوون.

بە گوێرەی ڕاپۆرتی پەیامنێرانی بێسنوور، لە ساڵی 2006دا، زیاتر لە 30 وێبلاگنووس لە ماوەی چەند حەوتوو لە ئێران، چین و میسردا دەستگیر کران.

ڕەزا موعینی بەرپرسی بەشی ئێران لە ڕێکخراوی پەیامنێرانی بێسنوور لە وتوویژی لەگەڵ (ڕادیۆ فردا)دا، سەبارەت بە بارودۆخی ئازادیی چاپەمەنی لەو وڵاتەدا دەڵێت: "ئێمە ناوی 53 ڕۆژنامەوانمان بە چاپ گەیاندووە، کە مافی کارکردنیان نییە. ئەمڕۆکە ڕۆژنامەوانانی سەربەخۆی ئێرانی لە مافی کارکردن بێبەشکراون." موعینی لە درێژەی وتووێژەکەدا ئاماژەی بەوە دا: "لەم دووایییانەدا گوشار و دەستگیرکردن گەییوەتە پارێزگاکانی ئازەربایجان و کوردستان"یش. بەرپرسی بەشی ئێران لە ڕێکخراوی پەیامنێرانی بێسنووردا، ئەوەشی لێ زیاد کرد: "لە کوردستاندا، سێ ڕۆژنامەوان کەوتوونە زیندان، لەوانە "شێرکۆ جهانی" لە زیندان لە هەلومەرجێکی نالەبار دایە، هەروەها بەر بە ژمارەیەکیش چاپەمەنی گیراوە."

ئەم ڕێکخراوەیە پێشووتریش ڕایگەیاندبوو: "بەر بە ماڵپەڕگرتن (فیلتێرکردن) لە ئێراندا لە جاران زیاتر بووە. کۆماری ئیسلامی لە هەوڵی ئەوە دایە، سنوورێکی دیجیتالی دروست بکات، تا هاووڵاتیان نەتوانن دەستیان بە دەنگوباس ڕابگات و ئاگاداری کێشە و ڕووداوەکانی جهانیش بن."

لە مانگی نۆمبری ساڵی ڕابردوودا، ڕێکخراوی پەیامنێرانی بێسنوور، کۆماری ئیسلامی وەکو "دوژمنی ئینترنێت" ناو برد.

بە گوێرەی ڕاپۆرتی پەیامنێرانی بێسنوور لە ساڵی 2006دا، 81 ڕۆژنامەوان کوژراون، 871 ڕۆژنامەوان دەستبەسەر کراون، 1472 ڕۆژنامەوان کەوتوونەتە بەر هێرش و سنووردار کراونەتەوە، 912 گۆڤار و ڕۆژنامە سانسۆر کراون و 56 ڕۆژنامەوانیش ڕفێندراون.

**ستۆکهۆڵم** 2007-03-01



**سەرچاوەکان:**

**1. ماڵپەڕی ڕۆژنامەوانانی بێسنوور**

http://www.rsf.org

# ئاراس، ئاهەنگی سەری ساڵ یان ئابڕووچوون و گاڵتەجاڕێ!!

**باوکی ڕۆزا**



لە ماڵپەڕەکانی ئینتەرنێتدا ریکلامێکی زۆر بۆ ئەوە کرا کە بە بۆنەی سەری ساڵ (ئاراس)ی هونەرمەند، ئاراس تەماتە یان خەپە گیان بتخۆم! ئاهەنگێکی خۆش لە سۆلنەهالنی شاری ستۆکهۆلمی وڵاتی سوید ساز دەکات. بەو هۆیەوە داوا لە کوردەکان دەکرا کە پێشبڕکێ لە کڕینی بلیتی شەو ئاهەنگەکەدا بکەن. ئێمە لە شارێکی دوور لە ستۆکهۆڵم دەژین، نەمتوانی بلیت پەیدا بکەم، برادەرێکم پێیڕاگەیاندم کە دەتوانین هەمان ڕۆژ لەبەر دەرگەی هۆڵەکە بلیت بکڕین. نرخی بلیت بۆ هەرکەسێک 150 کرۆنی سویدی بوو.

ئێمە لەوەتەی لەوڵاتی سوید گیرساوینەتەوە، بەشداریمان لەو ئاهەنگانەدا نەکردووە، بە گوتەی بەشداربوون، هەمیشە ئاهەنگی کوردی بە شەڕو ئاژاوە کۆتایی دێ، بەڵام ئەمجارەیان منداڵەکان گڕویان گرت و داوایان کرد کە ئێمەش لەگەڵ ڕەوەندی کوردی پێشوازی لەساڵی نوێ بکەین، لەنێو ئاوازو گۆرانی و هەڵپەڕکێی کوردیدا ساڵی 2006 بەڕێ بکەین.

هەندێ ئاشناو ناسیاویش خۆیان ئامادەکرد تا بەیەکەوە بچین و بەشداری لەو ئاهەنگەدا بکەین. ڕاستیەکەی دایکی منداڵەکانم دەستە جلێکی کوردی پەیدا کرد، هەموویان خۆیان ئامادەکرد. من تەنیا ڕەزامەندیم بۆ مایەوە. ئیدی لەبەر دڵی منداڵەکان بە ناچارییەوە دوای نیوەڕۆی ڕۆژی 31-12-2006 بەرەو ستۆکهۆڵم بەڕێکەوتین.

بەگوێرەی بەرنامە دەبوایە کاتژمێر 19ی ڕۆژی 31-12-2006 ئاهەنگەکە دەست پێبکات و کاتژمێر 2ی ڕۆژی 2007-1-1 کۆتایی پێ بێ. ئێمە کە هەرگیز ئەو ئاهەنگانەمان نەبینی بوو، وەک کابرای دۆ نەدیوو، پێش کاتژمێر 19 گەیشتینە بەردەرگەی سۆلنەهالن. کاتێ گەیشتین هێشتا دەرگە نەکرابووە. هێشتا بلیتفرۆشەکەش نەگەیشتبوو، بەو سەرمایە لەنێو ماشێنەکەدا مایەوە، دواتر کاتژمێر حەوتی ئێوارە(19) چەند کەسێکی ئاسایی وەک خۆمان پەیدا بوون. چارەکێک دواتریش ژنە بلیتفرۆشەکە هات. بلیتمان کڕی و چووینە ژووری. هۆڵێکی وەرزشی گەورە، ئێمە و دوو خێزانی دیکەی تێدابوو.

بلیتفرۆشەکە دووپاتی دەکردەوە کە حەوت و نیوی ئێوارە ئاراس دێ و ئاهەنگەکە دەست پێدەکات. ئێمە چاوەڕوان بووین، منداڵەکان سیق و دیقیان کرد، کاتژمێر بوو بە هەشت ئاراس نەهات. ئەوسا ئەوانەی لەوێ بوون(سی دی)کوردیان بەکار خست و دەنگی گۆرانی کوردی بەرز بۆوە. منداڵەکان چاوەڕوانی ئاراسیان دەکرد و لەجێگەی خۆیان ئۆقرەیان لێبڕابوو. کاتژمێر 21 ئاراس نەهات. بوو بە 22 ئاراس نەهات. بوو بە 23 ئاراس نەهات، ئیدی خەڵکەکە بە ناچارییەوە لەبەردەم ریکۆردەردا بۆ گۆرانی کوردی و فارسی شایی و هەڵپەڕکێیان دەست پێکرد. کات بەرەو 24 دەڕۆیشت، زۆر نەمابوو کە ساڵی 2006 ماڵئاوایی بکات، ئەوسا بێژەرەکە هاتە سەر شانۆ و مژدەی هاتنی ئاراسی ڕاگەیاند.

ئاراس ئاراس بە لەنجەولار هاتە سەرشانۆ، لەژێر لێوانەوە داوای بووردنی کرد کە تۆزێک دوا کەوتووە! ئاراس نەیگوت کە من چوار کاتژمێر و نیو درەنگتر هاتووم، کەسیش نەیپرسی ئەرێ براینە ئێوە لە ئەوروپا دەژین، ئەدی بۆ کات و ژوان و بەڵێنتان تەواو نییە؟!

ئەوسا ئاراسی گۆرانیبێژ! هەندێ گۆرانی ڕۆژئاوایی بە وشەی کوردی چڕی. دەنگی مۆزیک بە ئەندازەیەک بەرزبوو، کەس ئاگای لەکەس نەبوو، باوەڕناکەم جگە لە وشەی بە تاک، بەکۆ کە لەدەمی ئاراسەوە دەهاتنە دەرێ، وشەیەکی دیکە نەدەگەیشتن. بەم شێوەیە دە چرکە لە تەمەنی ساڵی 2006 مابوو، ئاراس دەستی بە ژماردن کرد، 10، 9، 8......1 ئیدی لەنێو چەپڵەڕێزاندا پێشوازی لە ساڵی 2007 کرا. پاشان ئاراس بەڵێنی دا ئەوەی سەما( دانسی ) جوان بکات، ئەوە دیارییەکی بەنرخی دەداتێ کە ئەویش پۆستەرێکی خۆی و (سی دی)یەکی خۆیەتی، دواتر ڕایگەیاند کە زۆر ماندووەو پێویستی بە پشوودان هەیە. ئاراس ڕۆیشت، دیسانەوە گۆرانی کوردی و فارسی خرایەوە سەر ریکۆردەرەکە.

دوای کاتژمێرێک جارێکی دیکە ئاراس بەدیار کەوتەوە، لە خۆیەوە ڕایگەیاند لەسەر داخوازی ئامادەبووان جارێکی دیکە گۆرانی بە تاک و بەکۆ پێشکەش دەکاتەوە! دیسانەوە دەنگی مۆزیک بەرزکرایەوەو کەس لە وشەکانی حاڵی نەبوو. دواجار ئاراس ڕایگەیاند کە بەخۆرایی جەژنانەی بە ئامادەبووان دا، ئەویش گوتنی گۆرانیەکی نوێی خۆی بوو بە ناوی ( ناوت نازانم)!! کە بۆیەکەمجار دەگوترا. ئیدی ئاهەنگەکە کۆتایی پێهات.

من لە جێگەی خۆمەوە مات دانیشتبووم، سەرم سووڕمابوو، ئاخۆ بۆچی ئەو هەمووهات و هاوار و ریکلامە بۆ ئەو ئاهەنگە کرا؟! ئاخر تەنیا لە ئاهەنگ نەدەچوو، هەر خێزانێک لە ماڵەکەی خۆیەوە دەیتوانی ریکۆردەرێک دابنێ و گۆرانی کوردی و فارسی بخاتەسەر، لە گەڵیدا هەڵپەڕێ. من نازانم ئەمە ئاهەنگی سەری ساڵ بوو! یان ئابڕووچوونی گۆرانی کوردی یاخود گاڵتەکردن بە ئامادەبووان؟! لەهەمووی سەیرتر ئەوەبوو ئاراس بەڵێنی بە ئامادەبووان دا کە ساڵی داهاتوو بەزاراوەی کرمانجی گۆرانی دەڵێ، بەڵام ژنێک لێی هاتە دەنگ و پێیگوت : تۆ سۆرانیەکەت تۆز دەکات، جاری سۆرانیەکەت تەواو بکە،

## دونیا

# پێکەنین و گریان بۆ سەدام

دەڵێن پیاوێکی جوولەکە لە شوێنێک دانیشتبوو کۆمەڵێک موسڵمان تەرمێکیان بەوێدا ڕەت کرد بەرەو گۆڕستان، جوولەکەکە دەستی کرد بەگریان، یەکێک لێی پرسی باشە تۆ بۆ دەگریت. ئەو کەسە نەخزمی تۆیەو نە لەئایینی تۆیە. ئەویش وتی کاکەگیان من بۆ ئەوە ناگریم کە ئەو مردووە، بۆ ئەوە دەگریم ئیسلام بەم دانەدانەیە تەواو نابێ.. لەدوای لەسێدارەدانی سەدام ئەم دیمەنەم بینی، بەڵام بە چەند شێوەیەکی دیکە، پیاوێکم بینی کە (5) کوڕی ئەنفال کرابوو کە پێم گوت خۆشی لەخۆت سەدام لەسێدارەدرا، سەرەتا هەندێ مات بوو دوایی دەستی کرد بەگریان و فرمێسک بەسەر ریشە سپییەکەیدا هاتەخوارەوە، وتم بۆ دەگری، وتی دەگریم بۆ ئەوەی کە بەعسی تەنها بە سەدام کۆتایی نایەت، دەگریم بۆ ئەوەی لەسەر ئەنفال و کیمیاباران لەسێدارە نەدرا، دەگریم بۆ ئەوەی کە دیمەنی کوڕەکانمی خستەوە یادم.. لەتەلەفزیۆن عەرەبێکی فەلەستینیم بینی لەبن دەستی (حەماس)ی ئیسلامییەوەو لەناو کۆمەڵێکی زۆرو لەبەرچاوی کامێراوە وتاقی بەسەر سەدامدا هەڵدەدا، ئایەتێکی قورئانی گۆڕی لە جیاتی ناوی (ئیبراهیم) ناوی سەدامی دانا، هاواری دەکردو داوای دەکرد هەقە گۆڕەکەی لەنزیک گۆڕی پێغەمبەر بێت (د.خ)، پیرەژنێک وتی ئێنجا نۆرەی ئەوەمانە لەحەجیش بچین زیارەتی بکەین، گوێم لەقسەی هەندێ کۆلکە حاکمی کوردو عەرەب و هەندێ سەرۆکی وڵاتە ئەجنەبییەکانیش بوو باسی نایاسایی حوکمەکەیان دەکرد... من بۆخۆم کە ئەواتەم دەبینی و دەبیست پێکەنینم دەهات، چونکە گەلێکی زوڵم لێکراوی وەکو فەلەستین هیج (مەعقول) نییە لەم زەمانەدا شارەزایی نەبێ لەگەڵی عێراق و مەینەتییەکانی، بەتایبەتی مەینەتییەکانی گەلی کوردستان، چی ڕەواییەک هەیە لەوەدا کە واز بهێنرێ لەخوێنی ئەو هەموو خەڵکەی عێراق و کوردستان، تەنها حیساب بۆ یەک نەفەر بکرێت.پێکەنینم دەهات بەو حاکمانەی کە کونج و کەلەبەری یاساکان دەگەڕان بۆ دۆزینەوەی بڕگەیەک کە ئیدانەی حوکمەکەی پێ بکەن بێ ئەوەی پێشتر ڕایەکی دیکەیان هەبووبێ لەسەر خودی ئەو مەحکەمانەی کە (مەجلیسی قیادە ثەورە) دەیکرد.. دیسان بەو سەرۆکانەی کە ئێستا پێشوازی لە دەسەڵاتدارانی عێراق دەکەن و بەناوی دیموکراتییەوە ئیدانەی لەسێدارەدانی دیکتاتۆرێک دەکەن. پێکەنینم دەهات، بەڵام تەنها یەک جار دڵتەنگ بووم و گریانم هات کە وتیان لەسەر داواکاری (مقتدا)ی ئاژاوەچی ڕۆژی جەژن حوکمەکەی جێبەجی کراوە.